# یاداشتەکانی مەملەکەتێك کە ناوی کوردستانە

**بەشدار عەلی**
Bashdar_net@yahoo.com

بێ هۆنیە سات لە دوایی سات رێژەی خۆکوژی لە کوردستان روو لەزیادبوونە, بێ هۆنیە رۆژانە سنورەکانی کوردستان دەبێتە خالێ دەست پێکردنی ژیانێکی ئینسانی بۆ لاوانی کوردستان و رزگار بوون لەم ژیانە (بە درۆییەیی ) ئیستا,بێ هۆنیە منالێ و پیر و پەکەوتەو گەنج و لاو و ماموستا و قوتابی و کرێکارو فەرمانبەر و کاسبکارو شۆفێر و ............گەرووەکانیان پریەتی لە نارەزایەتی و بە دوایی دەروازەیەکی باشتردا وێڵن,کوچەو کۆلأن و پارك و زانکۆ و بازار و شەقام و قوتانخانە و دائیرە و کارگەکان لیواو لیوە لە یاداشتی نارازی بوون.لێرەدا و لە ژمارەکانی ئایندە هەندێکیان باس دەکەین و هیوادارم ئیوەش بە یاداشتەکانتان ئەم بابەتە دەولەمەند بکەن.

*ئەمە کۆتایی نیە, بەڵکو سەرەتایە

سەرباری ئەوەی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی دوو سێ ساڵەی رابردووی شارەکانی کوردستان کارەسات و رووداوی جەرگبڕی لێ کەوتەوە بەهۆی توندوتیژی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و تەقەکردن لە خەڵك, وچەندین مرۆڤی بێ گوناح بوونە قوربانی و چەندی دیکەش بریندارو کەمئەندام بوون.

ئەمەو جگە لەوەی لە رۆژانی خۆپیشاندانەکان و چەند رۆژێك پێشتر لەکاتی کۆڕو کۆبوونەوەکاندا گرتن و تۆقاندن و ئیهانەو سوکایەتی پێکردن ببووە کارێکی سەرەکی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش, ئەو دەزگایانەی کە بەنیازن ئەمنیەتی خەڵك بپارێزن! هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانەویست ژیانی خۆیان و خێزان و شارەکەیان باشتر بکەن لە سوچی زینداندا تووندکران. بە زمانێکی سادەتر, خەڵك داوای ئاووکارەباو سوتەمەنی و رێگاوبانیان دەکرد, بەلأم دەسەلأتداران رێگربوون لە بەردەم ئەم داوایانەو بەچەك وەلأمیان ئەدایەوە, ئیتر ئەم شێوازە مامەڵەکردنەو وەلأمەکەی و دەرئەنجامەکانی تەنها دەتواندرێت یەك شت بخوێندرێتەوە, ئەویش ئەوەیە خەڵکی نارازی کوردستان کە رۆژانە بە چەندین شێوازی جیاواز تەعبیر لە نارازی بوونی خۆیان دەکەن لەگەڵ دەسەلأتێك هیچ خالێکی هاوبەش, هیچ بەرژەوەندییەك, کۆیان ناکاتەوە و لەیەکتریەوە نزیك نابنەوە, بەڵکو بە پێچەوانەوە قلشت ودەرزێکی ئەستوور لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت. نارەزایەتیەکان و رووبەروو بوونەوەکان و شەڕە شەق و بەردو گوللەباران کردنیان, گەواهیدەری ئەم راستیەن.

ئەوەی زیاتر مەبەستی ئەم کورتە نووسینەیە, نارەزایەتی و خۆپیشاندان و مانگرتنەکانی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان بەکۆتا نەگەیشتووە, بەڵکو ئەمە سەرەتایی سەرهەڵدان و نمایشێکە بۆ بەدەست هێنانی تەواوی ماف و ئازادییەکانمان.

گەرمایی هاوین بەسەرچوو, بەلأم سەرماو سۆڵی زستان و نەبوونی و گرانی نرخی سوتەمەنی و بێ جل وبەرگی, هەڕەشە لە گیانی هەزارەها منداڵی خێر لەخۆ نەدیوی باداوەو سەیداوەو زەرگەتەو شۆرجەو حوریە, دەکات.

هاوینمان بەگەرمایی و بێ کارەبایی بەرێکرد , بەلأم شەوە درێژو ئەنگوستە چاوەکانی زستان, ناتوانین بە ئاسانی بگوزەرێنین.

خراپی و کەمی و نەبوونی زێرابەکان ئەم زستانەش ماڵی چەندین خێزان کاول دەکات و لە ئێستاوە چاوەڕێی (لافاو) دەکەن.ئیتر بۆیە داواو خواستەکانی خەڵك تا ئێستا دابین نەکراوەو خزمەتگوزاریەکانیش هەنگاوێك نەچۆتە پێشەوە و دەسەلاّتدارانیش بەهەمان ڕێتمی پێشترەوە مامەڵە دەکەن, ئەوەی ئاگاداری نەبن ژیان و گوزەرانی خەڵکە, بۆیە لە نزیکترین دەرفەتدا بەشێوازو ڕێگای جۆراوجۆر دەنگەکان بەرزدەبنەوە, هەموو ڕێگاکانی سەرکوت و شێوازەکانی تۆقاندن کە پێشتر تاقیکراوەتەوە, ناتوانێ خزمەتێك بەبێ دەنگی و مل کەچی بکات چونکە ئێمەش وەکو ئێوەی بەرپرسەکان پێویستە بژین!!.

بەڵێ نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان تەنها لەسەر کاتەوە وەستاوە, هەر لەم چەند رۆژەی دواییدا زیادکردنی دەرماڵەو موچەیەکی شایستە ببووە سەرخەت و سەردێری هەموو نارەزایەتیەکان و چین وتوێژەکان لەکارو وەزیفە جیاوازەکاندا بەشێوەی مانگرتن و خۆپیشاندان وەکو مافێکی سادەو ساکاری خۆیان داوایان کردووە, ئیتر خەڵکی کوردستان دەیانەوێت وەکو ئینسان بژین, لەخۆشی و شادیەکانی ژیان بەهرەمەند بن و دەستیان بەهەموو ئامێرەکانی سەردەمەوە بگات, منداڵەکانیان بەشێوەیەکی مەدەنی پەروەردە بکەن (هەر بۆ نموونە قوتابیانی ئامادەییەکانی رواندزو چەمچەماڵ لە سەرەتای ساڵی خوێندندا رێپێوان و نارەزایەتی خۆیان دەربڕی و داوایان کرد بەهیچ شێوەیەك نابێت قوتابیانی کچ وکوڕ لە خوێندنگاکان جیا بکرێتەوە کە پێشتر ئیدارەی ناوچەکانیان بڕیاریان دابوو, بەلاّم خۆشبەختانە نەیانتوانی جیایان بکەنەوە).

هەموو ئەم داواو خواستانەی خەڵکی کوردستان, مافێکی ساکاری خەڵکەو دەبێت دەسەلاّتداران بەزووترین کات جێبەجێی بکەن, ئەگەرنا مانگرتن و نارەزایەتی و خۆپیشاندان و شێوازەکانی تر, دەبێت بە سەرەو نۆبە هەر رۆژە بەر چین وتوێژێك دەکەوێت بۆنمایش کردنی هێزوتواناکانیان.

★ئافاتی تەکنەلۆژیا یان ئافاتی دەسەلاّت ؟

لەگەڵ دەرکەوتنی هەر دیاردەیەك لەکوردستان دەبێت کۆمەڵێك کەس ببنە قوربانی , کۆمەڵێك خێزان شیرازەی ژیانکردنیان تێك بچێت , چەندین دایك و باوك جەرگ سووتاو بکرێن , چونکە لەکوردستان دەسەلاّتێکی عەقلاّنی کاروبارەکان بەرێوە نابات , رووبەروو بوونەوەو بەرنامە دانان و خۆ ئامادەکردن بۆ هەرکارێك لەسەر بنەمایەکی ناعەقلاّنی و نامەدەنییە ئیتر بۆیە لەسیمای هەموو شتێکەوە هەست دەکرێت کە یاساو دەسەلاّتێکی عەشایریو میلیشیایی لەپشتەوەی کارەکانەوە خۆی مەلاّسداوە .

ماوەیەکە گوێبیستی رووداوی جەرگ بڕو راچڵەکێنەر دەبین لەشارەکانی کوردستاندا لە ئەنجامی وێنە گرتنەوە لەرێگای مۆبایلەوە .... وەکو لە سەرەتادا باسم کرد لەئەنجامدا چەندین کوڕو کچ بوونەتە قوربانی وەکو هەر دیاردەیەکی تر .

بەجیا لەوەی ئاشکراکردن و دەرخستنی نهێنی نێوان دوو کەس و بلاّو کردنەوەی جا لەلایەن هەر یەکێکیانەوە بێت یاخود هەردەزگاو لایەن و کەسێك لەپشتییەوە بێت , کارێکی نادروستە .

بەتایبەت کە ئاشکراکردنی ئەم نهێنیانە مەترسی لەدواوە بێت وەکو لەو وێنانە و دەرئەنجامەکانی بینیمان ئیتر دەبێت بەپێی یاسا ئەو کەسانە سزای خۆیان وەرگرن .

بەلاّم ئەوەی جێگای باسەکەی ئێمەیە ئەوەیە وەلاّمی دەسەلاّتداران وەکو بەرپرسی یەکەم لەسەلامەتی گیانی خەڵك بەگشتی و ئەم کوڕو کچانە بەتایبەت چییە ؟

دەسەلاّتدارانی کوردستان وا راهاتوون تا رقی خەڵك بەرز نەبێتەوە , تا گۆمی خوێن پڕ نەبێت , تا نارەزایەتی نەگاتە لوتکە خۆیان لەهەموو باسەکان دەدزنەوەو لەگوێی گادا لێی دەخەون چونکە ئەوان ئیتر لەهەسارەیەکی تردا ژیان دەکەن و بە واقیعیش هیچ پەیوەندییەك لەگەڵ خەڵکی ئاسایی کوردستان کۆیان ناکاتەوەو لەهەموو لایەکەوە لەیەکترییەوە جیاوازن و

سنورێکی ئەستوور هەیە بۆیە کێشەو گرفتەکانی خەڵك هیچ پەیوەندییەکی بەئەوانەوە نیە و هەگبەشیان بەتاڵە و هیچی تیانیە بۆ چارەسەرکردنی,بۆیە یان بیٚ دەنگی لیٚ دەکەن یاخود دەکەونە پەلاماردان.
بۆیە ئێمە دوای ڕوودانی چەندین ڕووداوی ناخۆش و جەرگ بڕ, کە چەندین کچ و کوڕ شەلالی خوێن کران بە هاوکاری کۆمەڵێك گەنج و بەرێبەرایەتی " رێکخراوی گەنجانی بیٚ سنوور" رێپێوانێکمان کردو یاداشتێکمان دایە پەرلەمان و حکومەت, پێمان گوتن ئێوە سەیر کەن گەنجان و لاوان چۆن لەژێر دەسەلأتی ئێوەدا دووچاری لادان هاتوون هەندێکیان بەمادەی سڕکەر گیرۆدەن, کە ئەمنیون و حەشیش لە هەولێر و سلێمانی دەست ناکەوێت بازاری هێندەگەرمە, زۆربەیان ئێستا وا رێگای کۆچ دەگرنە بەر, گوتمان بەهۆی زۆری گرفت و کێشە چارەنەکراوەکانیان, بەهۆی نەبوونی یاسایەك کە دیفاع لە مافە فەردی و مەدەنیەکانیان بکات, بەهۆی زاڵکردنی فەرهەنگێکی تا سەر ئێسقان دارزیوو دواکەوتوو....... ئیتر گەنجان و لاوان دووچاری گرفت ولادان دەبنەوە.
بەلأم وەکو لەسەرەتادا باسمان کرد لەبەرئەوەی بەرنامەیەکی عەقلأنی و ئینسانی ئامادەیی نیە لەنێو دەسەلأت بۆیە لەم رۆژانەدا بەهۆی فشارێکی زۆردا دەسەلأتداران و بە دیاریکراویش حزبە ئیسلامیەکان بە ئافاتێکی تەکنەلۆژیاو بەلأیەکی زانست و داهێنانەکانی ناویان برد وە لەبەرئەوەی هیچیان لە هەگبەدا نیە کە ئەم وەزعیەت و گوزەرانەی خەڵکی تیایە بیگۆڕن و ژیان و چارەنووسی گەنجەکان باشتر بکەن بۆیە کاردانەوەو هەڵوێستەکانیشیان ناتوانیٚ خزمەتێك بە کێشە ئەساسیەکانی خەڵك بکات و نابێتە هۆی نەمانی ئەم دیاردەیەو کەمی قوربانیەکانیان.
بەکورتی لە گرتە سێکسیەکانی نێو مۆبایلی هەرزەکارو گەنجاندا تێدەگەیت کە پەیوەندی ئاسایی نێوان مرۆڤەکان بەتایبەتی کچان و کوڕان لەم ولأتەدا قەدەغەیە, سەرباری ئەمەش لە دەرئەنجامەکەی تێدەگەیت کەیاساو دەستوور و دەسەلأتێك نیە سەلامەتی گیانی خەڵکەکەی بپارێزێت.